# جینۆسایدی کەلتوری (کەلتور کوژی)
# شاری کفری بە نمونە

**د. عثمان توفیق فتاح**

بەشی شوێنەوار، کۆلێژی زانستەمرۆڤاییەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

othman.tawfeeq@univsul.edu.iq

**د. هاژە عبدالجبار رضا**

بەشی شوێنەوار، کۆلێژی زانستەمرۆڤاییەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

hazha.raza@univsul.edu.iq

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/١٢ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

جینۆسـایدی کەلتور یان کەلتور کوژی، ئەو کردەوە و ڕێوشـوێنانەیە کە بۆ لەناوبردنی کەلتوری گەلان یان گروپە نەتەوەییەکان لە ڕێگەی لەناوبردنی ڕۆحی نەتەوەیی و کەلتورییەوە ئەنجام دەدرێن کە پێدەچێت لە بنەڕەتدا هەمان نەتەوەکوژی بێت. کەلتور کوژی مێژوویەکی قوڵی هەیە و لە جیهاندا لەچەندین شـوێن دژ بە کەمایەتیەکان یان دژ بە کەلتور و ئاین و داب و نەریتی جیاواز پەیڕەو کراون. وەک نازیەکان بەرامبەر جولەکە، تورک بەرامبەر ئەرمەنیەکان و کورد و چەندین نمونەی تر. لە توێژینەوەکەمان باس لە مێژوو و قۆناغەکانی کەلتور کوژی دەکەین نمونەی چەندین ناوچە باس دەکەین ئاماژە بەو لەناوبردنانە دەکەین کەپەیوەسـتن بەکەلتورەوە، وەک ئاین، داب و نەریتی تایبەت، زمان، جل و بەرگ و هتد. بە شێکی سەرەکیشمان بریتی دەبێت لە سەر شارۆچکەی کفری و باس لە زۆر لایەنی ژیاری کفری دەکەین کە مۆرکی ئەو شارەیەو لەناوبراوە، چ بە ئەنقەست بێت یان پشت گوێ خستن و بەگرنگ،نەزانینی.

کلیلی وشە: جینۆساید، کەلتور ، کفری، داب ونەریت.

Abstract:

Cultural genocide, or culture killing, refers to actions and policies aimed at erasing the cultural identities of nations or ethnic groups, primarily by dismantling their national and cultural essence. Closely related to ethnocide, it has manifested historically against minorities and diverse cultural

practices, evidenced in the persecution of Jews by the Nazis, the oppression of Armenians and Kurds by the Turks, and more examples.

This research paper will examine the history and phases of cultural genocide, using case studies to analyze the destruction of religion, customs, language, and attire. A key focus will be on Kfri, where we will explore elements of local life that define its cultural identity, particularly those that have been systematically eradicated.

Keywords: Cultural genocide, ethnocide, Kfri, customs, traditions.

**ناوەرۆک**

زاراوەی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٤ لەلایەن پارێزەری پۆڵەندی جولەکە ڕەفایل لیمکینەوە داهێنراوە، ووشەکە لە بنەڕەتدا لێکدراوی دوو ووشەی یۆنانیە کە بریتین لە genos بە واتای (خێزان، ڕەگەز ، خێڵ) دێت و ووشەی Cide بەواتای کوشتن دێت (.Ervin –Erickson, 2019, 27). بەڵام زاراوەی nationcide نەتەوە کوژی لە ساڵی ١٧٩٤ بەکارهات بۆ ئەو کارەی کە کرا بەرامبەر لە ناوبردنی دانیشتوانی هەرێمێک لەلایەن فەرەنسیەکانەوە– Ervin). Erickson, 2019, 27)

لەسەرەتایی ناساندی زاراوەی جینۆسایدی کەلتوری زۆرێک لە ووڵاتانی وەک ئەمەریکا، ئوستورالیا، کەنەدا نیوزیلاند دژی ئەو بیرۆکە ( Garasik and Bachman, 2019, 97). زۆر جار لە دەرکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان هەوڵ دەدرا کە لەناوبردنی کەلتور وەک مافی مرۆڤ سەیر بکرێت نەک وەک جینۆساید (.Nersession, 2019, 64). بە گشتی جینۆ سایدی کەلتوری کاتێک ئەنجام ئەدرێت کە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ جینۆ سایدی جە ستەیی ئەنجامبدرێت، بەڵام نمونەش زۆرە لە پێش و پاشی ئەنجامدانی جینۆسایدی جەستەیی جینۆسایدی کەلتوریش ئەنجامدراوە.

یەکێک لەو هۆکارانی وایکرد بیر لەم بابەتە بکەینەوە لە کوردستان، ئەوەیە کە بە درێژایی مێژووی گەلی کورد ڕووبەڕووی چەندین هێرشی کوشتار وێرانکاری بۆتەوە. لەلایەکی تریشەوە هێزە داگیرکەرەکانیش دژایەتیان بۆ بابەتی جینۆسایدی کلتوریی دەربڕیوە (بۆ سنووردارکردنی پابەندبوونیان بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان) وبۆ ئەوەی خۆیان لەتاوانی جینۆ ساید بەدوور بگرن (Bachman, 2019 , 1).لە کاتێکدا هێزی داگیرکارەکان کاتێک هێرش دەبەنە سەر هەر شوێنێک (وڵاتێک، شارێک، لادێیەک) جگە لەوەی بێ گوێی دانە سەر پاراستنی گیان وڕوحی دانیشتوان، لایەنی کلتووریش تەواو فەرامۆش دەکەن وتە نانەت ڕەنگە بەدەستی ئەنقەس وبەرنامە بۆ داڕێژراو وبەمەبەست دەستیان لە کاول کردن وێران کردنی بینا وماڵ و ئەو شوێنانە هەبێت کە مۆرکی ناوچەکەیە و شوێنەکەی پێ دەناسرێتەوە. هەڵبەت کوردستان بەگشتی وشاری کفریش بەتایبەتی بەدەر نەبووە لەم هێرش و وێرانکارییە، لەبەر ئەمەشە ئێمە توێژینەوەکەمان بۆ باسکردن لە جێنۆسایدی کەلتوری لە شاری کفری تەرخان کردووە.

لە کتێبی جینۆسایی ئادەم جۆنزدا لەنێوان ٢٥ پێناسەی جینۆسایدا لە ساڵەکانی ١٩٥٩ تاوەکو ٢٠١٤، تەنها دوو پێنا سەی جینۆ سایدی کەلتوری بەدی کراوە(Jones, 2017 , 24)، لەلایەکی دیکەوە پێنا سەکەی یەهودا باوێر لەبارەی جینۆسایدەوە بریتییە لە"نەهێشتنی کەلتوری نەتەوەیی (نەژادی) وژیانی ئایینی بەمەبەستی نانەتەوەییکردن"

(Bachman, 2019 , 2 ). باوێریش جیاوازی لە نێوان جینۆ ساید و هۆلۆکاو ست کرووە کە بەمەبە ستی لە ''ناوبردنی فیزیکی بەکۆمەڵی پلان بۆ دارێژراو، بەهۆکاری ئایدۆلۆجی ونیمچە ئایینی، بەرامبەر بە کۆمەڵێک ئەندامی نیشتیمانی یان نەژادی˝ (Jones, 2017, 24) لەلایەکی دیکەوە کریستۆڤەر پاوڵ وجولیا بیریستیراکس بە کردارێکی فرە لایەن و ئامانجی دەناسـێنن بۆ لەناوبردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کار لە پاراسـتنی شـوناسـی کۆمەڵ دەکات، هەروەها لەرێگەی لەناوبردنی تاکەکانی مرۆڤ(Jones, 2017, 27) پێناسەکانی جینۆساید زۆرن، بەڵام ئەوانەی باوێر ولیمکین تاوەکو ئێستا بە گونجاوترین لەقەڵەم دەرێن، وەکو شێوازێکی سەربەخۆ لە جینۆ ساید نا ساندیان. هەموو پێنا سەکان لە یەکخا ڵدا یەک دەگرنەوە ئەویش کە بریتیە لە هێرشــکردنە ســەر ماف ومیراتە کەلتورییە کان ودەتوانر ێت بە کۆمەڵکوژی کەلتوری پێناســە بکرێت (Bachman, 2019, 12). دەســت بردن بۆ شــوناس وفەرهەنگی نەتەوەیەک جۆرێکە لە جۆرەکانی جینۆساید.

تاوەکو جەنگی جیهانی دووەم لەناوبردنی بەکۆمەڵ یان جینۆسـاید تاوانێک بوو بەبێ ناو، تاوەکو ڕافایەل لێمکین (١٩٠٠-١٩٥٩) ســەرکەوتوو بوو لە داهێنانی زاراوەی جینۆســاید (Jones, 2006, 8). لە ڕێکەوتننامەکانی UN (نەتەوە یەکگرتووەکان) پێناســەی جینۆســاید بە تاوانێک دژ بە یاســاکانی نەتەوەکان بە چەند خاڵێک کرا: **مادەی یەکەم:** هەموو لایەنەکان ڕێکەوتن لەســەر ئەوەی ئەگەر هاتوو کۆمەڵکوژی بەکۆمەڵ لە ئاشــتی یان لەجەنگدا ئەنجامبدرێت ئەوە بە پێی یاســای نێودەوڵەتی بە تاوان لەقەڵەم دەدر ێت وســزایی لەســەر دەدر ێت. **مادەی دووەم:** هەر لە ڕێکەوتننـامەکەدا هـاتووە کە جینۆســـایـد یـان کۆمەڵکوژی هەریەک لەمـانەی خوارەوە دێـت کە کردەوەیەک بێـت بەمەبەستی لەناوبردنی تەواوەتی یان بەشێک لە کۆمەڵ ونەژاد ونەتەوە وئایینی ئەنجامدرابێت (Jones, 2006, 12).

ئەمانە بە پێشـێلکردن ولەناوبردنی کەلەپور و کاولکردن وسـڕینەوەی نەتەوە لەقەڵەم دەدرێت، چونکە کەلەپور بە شـێوەیەکی گشـتی بە سـامانی کەلتوری نێودەوڵەتی دەسـتنیشـانکراوە. بەپێی مادەی یەکەمی ڕێککەوتننامەی لاهای بێت بۆ پاراستنی کەلەپوور وکەلتوری جیهانی، بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی سامانی کلتورییە.

دەکرێت جینۆســایدی کەلتوری چەندین جۆری هەبێت، ململانێ وکێشــمەکێشــەکانی نێوان دوولایەن یان زیاتر و هەڵگیرسانی جەنگ جگە لەوەی دەبێتە هۆی لەدەستدانی مرۆڤ، هەندێک جار دەکرێت لەناوبردنی کەلتور وفەرهەنگی لایەنێکیشی پێ کراپێتە ئامانج. ئەگەر دوور نەڕۆین لە کێشمەکێشەکانی دەوڵەتی نا سراو بە داعش لە عێراق و سوریا جگە لە فەوتانی گیانی چەندین مرۆڤی بێ تاوان، دە ست بۆ شوێنەوار وکەلەپوری ناوچەکە برا وبەمەبە ست شێوێنرا وبازرگانیشی پێوە کرا (Nersessian, 2019 , 62) ئەمە جینۆساید وئیبادە کردنی کەلتور نەبێت ئەبێت چیبێت.

جینۆســایدی کەلتوری، کەلتوری بەرجەســتە کراو بەرجەســتە نەکراویش دەگرێتەوە، مادییەکە وەک: لە ناوبردنی شوێنە شوێنەواری و مێژووییەکان، لەناوبردنی کتێب بەزمانی دایکی کۆمەڵەیەک یان گەلێک، دەرکردنی ڕێکخراوانەی ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی کەلتورێک دەکەن (Bachman, 2019, 47.)، کوشتنی کەسانی ئەکادیمی و کەسانی دیار و کەسـانی سـەرمایەداری کەلتورێک. بەڕای ئێمە نزیکتری نمونەی ئەم جینۆسـایدی کەلتوریە لەشـاری کفری ڕویداوە کە

برتی بوو لە تیرۆرکردنی مامۆستا (شەماڵ)سهیل خورشید عزیز لەبەر ئەوەی گرنگی بە زیندوکردنەوە و مێژووی ناوچەکەداوە و ڕۆڵی هەبوە لە پاراستنی کەلتورەکەی.

جینۆسایدی کەلتوری نامادیش چەند لایەنێک لە خۆدەگرێت، لەوانە: ڕێگری کردنی کۆمەڵەیەک لە خوێندن، یاخود نەڕەخساندنی هەلی خوێندن بۆیان، کەوا دەکات ئەو کۆمەڵەیە بەدواکەوتوو بناسرێن، بۆ نمونە لە ساحل عاج لە ئەفەریقا ئەوروپیە داگیرکەرەکان زۆر بەدەگمەن هەڵی خوێندیان بۆ منداڵانی ئەفەریقی ئەڕەخساند، لەبەرامبەردا ٥٠٠ جار زیاتر خزمەتی منداڵانی ئەوروپیان ئەکرد( Bachman, 2019, 50). حکومەتی چین لە ساڵی ١٩٩٥ منداڵێکی تەمەن ٤ ساڵی بوزیەکانی تبتی ڕفاند و بەندی کرد بە بیانوی ئەوەی ئەو منداڵە هەڵبژێردراوە بۆ ئامادەکردنی کە بۆ جێگرتنەوەی (دەلای لامای) ئیستا. لە ئوستورالیا دانیشتوانە ڕەسەنەکە زاراوەی نەوە دزراوەکان بەکاردێنن بۆ ئەو خەڵکانەی کە لەخێڵەکانیان دابڕێنرابوون و دوور خرابوونە بەمەبەستی شۆردنەوەی بیریان و لەبیرکردنی داب و نەریتیان. لە کەنەداش بۆ ماوەی سەدەیەک منداڵانی خوار چوار ساڵ لەکەس و کارەکانیان ئەدزان و ئەبران بۆ پەناگەی دوور و ئەخرانە بەر خوێندن بۆ تێکەڵکردنیان بە دنیایی نوێ و دوورکەوتنەوەیان لە کەلتورەکەی خۆیان (Nersession, 2019, 62.). لە ئەمەریکاش هەمان شێوەی کەنەدا بەرامبەر منالانی خێڵەکان کراوە Garasik, and. Jeffery, 2019, 97). لە ئەمەریکا دوای ئەوەی زۆرێک لە دانیشتوانە ڕەسەنەکان لە ناوبران لە ساڵی ١٨٨٣ بڕیارێک دەرچوو کە ڕێگری لە ڕزگاربوان بکات لە کە بۆنەو ئاهەنگی تایبەت بە کەلتورەکەیان بگێڕن. لەوەش زیاتر ناچار ئەکران کە بەزمانی خۆشیان قسە نەکەن و پێیان ئەوترا ئەو زمانەی کە بۆ قسەکردنی سپی پێستێک و ڕەش پێستێک باشە بۆ سورێکیش باشە قسەی پێبکات (Garasik and Jeffery, 2019,103-4). ڕێگری کردن لە بەکارهێنانی زمانی دایک، نەهێشتنی گێڕانی بۆنە و یادەکان کە تایبەتن بە کەمینەکان وەک نەورۆز، یاخود زۆر لێکردنیان بۆ وەلانان و شاردنەوەی فۆلکلۆرە سەرزارەکیەکانیان وەک گۆرانی و لاوانەوەکانیان. لەم جینۆسایدە کەلتوریەشدا کورد بێبەشنەکراوە. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٧٥ دا سەدام حسێن هانی مێژوونوسانی عێراقی داوە لەکاتی باسکردنی فۆلکۆردا باس لە فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی کورد نەکەن. لەوەش زیاتر کەوتنە لەناوبردنی ئەو کتێبانەی کە پەیوەست بوون بە مێژووی کوردەوە بەتایبەت ئەوانەی لە قوتابخانەکان ئەخوێنران(ئاغجەلەری ٢٠١٥، ٢١٣ ).

لە مادەی (٤ی) یاسای عێراقی ژمارە( ٥٥) ی ساڵی ٢٠٠٢ بۆ شوێنەوار و کەلەپور، پێناسەی کەلەپور کراوە بەوەی بریتیە لە '' سامانی گواستراوە و نەگواستراوە کە تەمەنی لە ٢٠٠ ساڵ کەمترە وبەهایەکی مێژووی ونیشتمانی ونەتەوەیی هەیە، لەلایەن وەزیرەوە بڕیاری بۆ دەردەکرێت (مجل الوقائع العراقیة، ٢٠٠٢، ٥٦٦; Sykes, 1984, 21.).

ناکرێت پێناسەی کەلەپور بکرێت بەبێ ئەوەی شوێنەوار بناسێنرێت، کە بەپێی بڕگەی حەوتەمی مادەی (٤ی) یاسای شوێنەوار وکەلەپوری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠١ شوێنەوار پێناسەکراوە بەوەی بریتیە لە ''سامانی گواستراوە ونەگواستراوە کە لە لایەن مرۆڤەوە بونیاتنراوە یان دروست کراوە یان بەرهەمهێنراوە یان تۆمارکراوە یان وێنەکراوە، تەمەنی لە ٢٠٠ ساڵ کەمتر نییە، بەهەمان شێوە بۆ ئێسکە پەیکەری مرۆڤ وئاژەڵ و تەنانەت ڕووەکیش (مهدی، ٢٠٠١، ٩٤). لەڕێی ئەم پێناسەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی لە نێوان پێناسەی کەلەپور وشوێنەوار هێندە بەدی ناکرێت،

تەنها لە لایەنی یاســایی وبەڕێوەبردنەوە نەبێت. یەکەمیان کە لایەنی یاســاییە وادیارە بەپێی یاســا شــوێنەوار زیاتر پارێزراوە وەک لە کەلەپور، بەو پێیەی کە شــوێنەوار پاراســتنی تاوانکاریی بۆ دابین کراوە (تاوانبارکردنی مامەڵەکانی پەیوەســـت بە قا چاخکردنی شـــوێنەوار). بەڵام پاراســـتنی کەلەپور (یان ســـا مانی کەلتوری) کەمتر وتەنکتر لەو بەدیدەکرێت (دەقی مادەی ١/٤١ی یاسای شوێنەوار وکەلەپوری ژمارە ٥٥ی ساڵی ٢٠٠٢).

بەڕێوەبردنیش کە لایەنی دووهەمیانە، سروشتی یاسایی شوێنەوار وەکو سامانی گشتی کۆمەڵگا تەماشادەکرێت، لە ژێر دەســەڵات وسـایەی دەوڵەتە وناتوانرێت کاری پێوەبکرێت، وڕووبەڕوی لایەنی تایبەتمەند وپسـپۆر لە دەوڵەتدا دەکرێتەوە ( الجرف، ١٩٧٨، ٧٠٧; الزبیدی، (٢٠١٢)، ٢٩٩). بەڵام کەلەپور زیاتر تاکەکان خاوەنداریتی دەکەن، لەبەر گرنگی مێژوویی یان هونەری وجوانیی دەکرێت هەندێجار لەدوای دەردکرنی بڕیار لەســـەری دەوڵەت خاوەنی داریتی بکات (Cornu, 2003, 8).

ئێمە لەبەر ئەوە پێناســـەو جیاوازی نێوان شـــوێنەوار وکەلەپورمان وروژاند، چونکە مێژووی شـــاری کفری بۆ سەردەمانی زۆر دێرین دەگەڕێتەوە، ولەمێژە شوێنەوارەکانیان خاپور کراوە و دووره لەدەستی کنەوپشکنین وگەڕان، بۆیە دەکرێت شــوێنەوار وکەلەپور وپاشـماوەی کەلتوری ئەو شــارە بەپێی یاســا بپارێزرێت وهەوڵ بۆ نەفەوتانی ئەو سامانە گرنگە بدرێت کە تیایدا ماوەتەوە وبەجینۆ ساید نەکرێت. لەڕا ستیدا پارا ستنی مێژوو وکەلەپووری ئەو شارە ئەرکێکی نیشـتمانیە بەر لەوەی یاسـایی بێت، هەر بەپێی برگەی دووەم وسـێیەمی مادەی پێنجەمی گۆڤاری وەقایعی کوردســـتان بێت، دەبێت هەموو تاکێک ڕێز لە شــوێنەوار وکەلەپوری هەرێم بگرێت وبیپارێزێت، بەبیســتنی وزانینیی شوێنەوارێکی گوا ستراوە ونەگوا ستراوە دە ستبەجێ دەبێت لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکاتەوە لەماوەی ٢٤ سەعات، ئەوانیش لە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا دەبێت بەڕێوەبەرایەتی گشــتی لێ ئاگادار بکەنەوە (مادەی ٥، گۆ ڤاری وە قایعی کوردســـتان، ٣٥)، ئەوانیش بیگرنە ئەســـتۆیی خۆیان. هەرتاوانێک دەرهەق بە شـــوێنەوار وکەلەپوری ئەو شـــارە ئەنجامەدرێت ئەچێتە قاڵبی تاوانە بە پێی یاسای نێودوڵەتی وعێراقیش وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە.

لە هەرێمی کوردســـتانیش، هەر لە مادەی یەکەمی یاســـای ژمارە (٥)ی ســـاڵی ٢٠٢١ کە تایبەتکراوە بە یاســـای بەڕێوەبردن وپارا ستنی شوێنەوار وکەلەپور لەهەرێمی کوردستان، تیایدا هەمان پێناسەی شوێنەواری یاسای عێراقیە کە لەســاڵی ٢٠٠١ دەرچووە ودەڵێت: شــوێنەوار، ئەو کەرەســـتە گواســـتراوە ونەگواســـتراوەیە کە دروســـتکراوە یان بونیاتنراوە، بەرهەمهێنراوە یان نوســـراوەتەوە (تۆمارکراوە)، وێنەکراوە وتەمەنی لە ٢٠٠ســـاڵ کەمتر نییە، هەروەها ئێســـکەپەیکەری مرۆیی و ئاژەڵی وڕووەکیش دەگرێتەوە (بڕوانە گۆ ڤاری وە قایئی کوردســـتان، یاســـای ژ.٥ ســـاڵی ٢٠٢١(بڕگەی ٧، مادەی ١) لاپەڕە ٣٢).

**بەهی خۆ نەزانینی شوێنەوار و کەلەپوور**

زۆر جار شـــوێنە شـــوێنەواری و مێژووییەکان لەناو ئەبرێن یان گرنگیان پێ نادرێت بەبیانووی ئەوەی کە بە هی ئەوانە نازانرێن کە لەناوچەکەدا ئەژین وەک مێژووی بێگانە سەیر ئەکرێن. بۆ نمونە ئەوەی کە داعش لە شوێنەوارەکانی موســـڵ و چە ند شـــوێنێکی تر ئە نجامیدا، وەک لێدان بوو لە کەلتوری ڕۆژئاوا و جیهان و پێیان وابوو کە هیچ



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

پەیوەندییەکی کەلتوری لەنێوان خەڵکی ئێستای ناوچەکە و مێژۆپۆتامیای کۆندا نەماوە (Malko, 2019, 207). ئەم جۆرە لە تێگەیشتن لە شوێنەوار لە ناو هەندێک لە سیاسی و کار بەدەستانی کوردستانیشدا بونی هەیە. بۆ نمونە لە یەکەمین کۆنفرانسی شوێنەوار و کەلەپوری هەولێر لە کەلە سەرتای ساڵانی ٢٠٠٣ -٢٠٠٤ لە هەولێر ئەمجامدرا، وەکیل وەزیری وەزارەتی ڕۆشنبیری داوای کرد منارەی موزەفەرییە و هەندێک شوێنی تری هەولێر بڕوخێنرێت بەبیانوی ئەوەی کوردی نین و پەیوەندیان بە خەڵکی ناوچەکەوە نیە (ئامادەبوونی یەکێک لە توێژەران لەو کۆنفرانسەدا). لە شاری کفریش خەڵکانێک هەبوون لەگەڵ لابردنی کۆمەڵێک شوێنی کەلەپوریدا بوون بەبیانوی نەگونجانیان لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا و لە مەشدا، بەداخەوە لە کاتی ئەنجامدانی هەندێک پڕۆژەی خزمەتگوزاری زۆر شوێنەواری گرنگی وەک قەیسەری کفری زیانی زۆری پێگەشتوە و هۆیەک بوو بۆ نەمانی ژیان لە بازاڕەکەدا (عزیز، ٢٠١٩،٢.). جگە لە قەیسەری مزگەوتی خانەقاش کە بیناسازی و منارەکەی تەواو ڕەنگدانەوەی بیناسازی ناووخۆیی بوو لەناو برا. ئەم مزگەوتە شوێنی کۆبونەوەی زانایانی ئاینی و ئەدیبان و شارەزایانی کوردی ناوچەکە بوو (اسنگر، و قرەداغی ٢٠١٩، ٣٢). ئەرواندرێتە وێنەی (١) نەوشیروان مستەفاش باسی لەوە کردوە زۆرجار شوێنەوار و گۆڕ تێک دەدران بەبیانوی ئەوەی هی گاورەکانە (ئەمین، ٢٠١٢، ٦٠-٦١).

ژیان کردن لەگەڵ شوێنەوار و کەلەپوری کەلتورێکی تر زۆر جار لەلایەن کە سانی ترەوە پە سەند ناکرێت و ناتوانن لەگەڵی بژین وەک ئەوەی داعش لە شوێنەوارەکانی موسڵ ئەنجامی دا (Malko, 2019, 210.). ئەم دیاردەیەش لەچەندین شوێن بە سەر کوردا هاتوە وەک وێران کردنی چەندین شوێن لە کەرکوک بەبیانوی جیاواز، بەڵام لەبنەڕەتدا قەبوڵ نەکردنی سیما و کەلەپوری کوردانەی شارەکە بوە، وەک تێکدانی گۆڕستان لەبەر ئەوەی نازناوی گۆڕستانەکە کوردی بوە (سلیم ، ٢٠٠٢، ٣١- ٣٢). ئەم پەسەند نەکردنی سیمای یەکترە لەشەڕی ناوخۆشدا ڕویداوە کە یەکێتی و پارتی بارەگایی یەکتریان لە ناو دەبرد، چونکە پێیان قەبوڵ نەئەکرا کە بینایەک هەبێت و مێژووەکەی هی ئەوان نەبێت.

بەڵام لە ڕاستیدا شوێنەوار کەلتورێکی زیندوە و نەمردوە و بەشێکن لە یادەوەری، تێکدان و لە ناوبردنیان لێدانە لە یادەوەری و ناسنامە و هەستی وابەستەبوونی دانیشتوانی ناوچەکە، تێکدانیان ئەکاتە پاکتاوی کەلتوری( Malko, 2019, 208.). تورکیو دەڵێت "لێدان لە شوێنە کەلەپورییەکان، لێدانە لە خەڵک، لە ناسنامە و نەتەوە" (فتاح، ٢٠١٨، ١٧٥). لە بارەی ئەم لێدان و تێکدانی یادەوەریەوە مامۆستا سهیل (شەماڵ)ی ڕەحمەتی وەک ئەسەفێک و بێبەشکردنی لەمافی خۆشی وەرگرتن لە مێژووی شارەکەی، زۆر بە جوانی باسی دیمەنی ژیانی کۆمەڵایەتی کفری ئەکات و دەڵێت: "جاران بازاڕی کفری جمەی دەهات، ئەمڕۆ چۆن وێران بووە، زمان و شێوەزار چ گۆڕانێکاری بەسەردا هاتووە، جل و بەرگ و ستایڵی مرۆڤەکان چۆن بووە و ئێستا چۆنە، دیزاین و جۆری کەرەستەی خانووەکان چۆن گۆڕاون" (عزیز، ٢٠١٩،١). لە کەرکوکیش دیمەنی لەم چەشنە بەدی کراوە بۆ نمونە لە زمانی دکتۆر نوری تاڵەبانیەوە گێڕراوەتەوە کە پێش ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەکەرکوک ئەگەر عەگاڵ بەسەرێکیان ببینیایە بەلایانەوە سەیر و نامۆ بوە، بەڵام دواتر

بەهۆی هێنـانی عەرەبی حەویجەوە دیمەنەکە لای خەڵکی کەرکوک ئـاســـایی بووەوە چونکە ڕێژەیـان زیـادی کرد (ئاغجەلەری، ١٩٤،٢٠١٥-١٩٥).

**گۆڕینی ناوی شوێنەکان (دزینی کەلتور) وەک بەشێک لە جینۆسایدی کەلتوری**

زۆرێک لە ڕیژێمەکان وەک هەوڵێک بۆ چەســـپاندنی کەلتوری نوێ بەســـەر کەلتوری ڕەســـەنی ناوچەکەدا ناوی شـــوێنەکان ئەگۆڕن. ئەمە لە زۆر جێگایی کوردســـتان بەدی دەکرێت کە ناوی بیگانە نراون لە شـــوێنەکان و ناوە ڕەسەنەکانیان وەلا نراوە، بۆ نمونە لە کفری کۆمەڵێک شوێن ناوەکانیان کراوە بە تورکی وەک قەرەداگیرمان - ئاسیاوی ڕەش، ئینجەســـو - چیمەن، قەرەئۆغڵان-دەهۆڵخانە،( عزیز، ٢٠١٣، ١٩، ٣٥، ١٠٥ و ١٠٩)، قیزقەلعاســـی- قەڵای کچ، قیزیل خراپە- کەلاوە ســـور(ڕیچ، ٢٠٠٢، ٤٥ و ٤٩).دەشـتی شـێلانە، کە نزیک بە شـوێنەواری شـێلانەیە لەسـەدەی هەژدەدا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ قەرەتەپە، ٢٠٠ ساڵێکە هۆزی دەهلەکی عەرەبی تێدا دەژین (عزیز، ٢٠١٣، ٣٠-٣١).

ئەم گۆڕینی ناوی شـوێنە لەسـەردەمی ڕێژمی بەعسـیشـدا پەیڕەو کراوە ناوی کوردی کراوە بە عەرەبی ئەمەش بۆ سـڕینەوەی ناسـنامەی نەتەوەیی ئەو شـوێنانە بوە(ئاغجەلەری، ٢٠١٥،.١٩٤-١٩٥و ٢١٥). سـەرەڕایی ئەوەش ئەو ناوچانەی کە هەرگیز عەرەبی تێدا نەژیاوە وەک شـــارەزوور چەندین ناوی عەرەبی لە ئاوەدانیەکان نرا، وەک ئەلقادیســـیە لەبری هەڵەبجەی تازە، نصر و ئوخوە بۆ دوو ئۆردوگای نوێ کە خەڵکی ڕاگوازراوی ناوچەی پێنجوێنیان تێدا نیشتەجێکرد.

شـێواندنی مێژوو لەوانە ئاسـکی کفری- کفری کۆن، لە سـاڵی ١٩٤٥ دائیرەی شـوێنەواری عێراق سـەردەمەکەیان بە ئاشـووری ناسـاند(عزیز، ٢٠١٣، ١٩)، بەڵام لە ڕاسـتیدا سـەردەمەکەی زۆر تر لە ئەشـکانی و سـاسـانی ئەچێت و چەندین کەلوپەلی وەک دراوی ئە شکانی و سا سانی مۆرێکی ڕۆمانی و دانەیەکی سا سانی تێدا دۆزراوەتەوە (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٤٧ و ٣٢٩).

**کاریگەری ململانێ سیاسیەکان لەسەر لاوازبوونی کەلەپوری کفری**

بەهۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە ســـەرە ڕێگەی شـــوێنی ململانێی هێزەکانی عوســـمانی و ســـەفەوی و بابانەکان بوە وایکردوە جێگۆڕکی دانیشـتوان بەردەوام بێت. بۆ نمونە (جەیمس بەکینگهام) سـاڵی ١٨١٦ز. باسـی دانیشـتوانی کفری کردوە کە ٣ هەزار کەس بوون، بەڵام ڕیچ ئاماژەی بەکەمبونەوە ژمارەی دانیشـتوانی ناوچەکەداوە باسـی لەوە کردوە کە کفری تا دێت داڕوخاو تر دەبێت و ژمارەی دانیشـتوانەکەی کەم ئەبێتەوە. لە ١٨٩٤ز. ژمارەی دانیشـتوانەکەی بوە بە ٢٥٠٠ کەس، تەنانەت باســـی قەرەتەپەشـــی کردوە لە ٧٠٠ ماڵەوە بوە بە ٥٥ ماڵ، لەبەر بێزاربونی خەڵک لە حکومەت (عزیز،٢٠١٣، ١٩، ٣٥، ١٠٥ و ٤١).

بەهۆی بەزۆر ســـەربازکردنەوە لەلایەن عوســـمانیەکانەوە بۆ شـــەڕ دژی ئینگلیزەکان، ژمارەیەکی زۆری گەنج یان ئەکران بەســـەرباز یان هەڵدەهاتن و ئەوانەشـــی دەســـتگیر بکرانایە لەسـێدارە ئەدران، ئەمەش بوە هۆی کەم بونەوەی گەنج و تەنها بەتەمەن و پەککەوتەکان مانەوە، کەمبونەوەی گەنج لە ناوچەکەدا بوە هۆی لاواز بوونی کشـــتوکاڵ و کاریگەری خراپی لەسەر ئابوری هەبوو (عزیز، ٢٠١٣، ٤٦).

(سـوڵتان موراد) پاش داگیرکردنی بەغداد لە ١٦٣٨ز. دا هەسـتا بە بەخشـینی زەوی بەو هۆز و خەڵکانەی هاوکاری بوون بۆ داگیرکردنی بەغـداد، بۆ ئەمەش لە نـاوچەی کفری لەوانە قەڵای داودەی بەخشـــی بە هیلال بەگ و هۆزی بەیاتیشـــی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی کفری زەویان وەرگرت (عزیز، ٢٠١٣، ٣٢). ئەحمەد پاشـــای میری بابان بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی گوندی ( سیەخان) ناتوانن (خورج)ی ئە سپەکەی بدۆزنەوە، فەرمان ئەدا بە ٦٠٠ سوار گوندەکە لەناو بەرن بۆ هەمیشە ژیانیان تێدا نەهێشت (عزیز، ٢٠١٣، ٤٠).

هەندێ مۆرکی ئایینی جیاواز لەشاری کفریدا هەن، بەڵام ئاین زاکانیان لە شارەکە نەماون، وەک مەزاری موغارەکان (گۆڕ دەخمەکان)، ماڵە جولەکەکان و پەرسـتگاکانیان ومەزاری باوە شـاسـوار (عزیز، ٢٠١٣، ١٠١)، کە بە یەکێک لە پیاوە باڵاکانی یارسان دەزانرێت و لە کفری نێژراوە، کەچی لە کفری ئایزای یارسان نیە؟ هەرچەندە ڕۆژهەڵاتناسان ئاماژەیان بە هەبوونیان داوە، ئەکرێ بەهۆی ململانێی عوسمانی و سەفەویەوە شارەکەیان جێهێشتبێ (عزیز، ٢٠١٣، ٢٠).

لەناو چوونی کۆ شکەکانی شێلان و زەنگئاباد بەهۆی ململانێکانی نێوان سەفەوی، عو سمانی و بابانەکانەوە (عزیز، ٢٠١٣، ٣١). گوندەکان (سـاریگۆل، حلێوە و عەرەبان)، هی بابانەکانی کفری بوون، بەڵام بەهۆی تەعریبەوە ئیسـتا هۆزە عەرەبەکانی تێدا دەژین (خان دەلۆ، ٢٠١٤، ١٧٤- ١٧٥). ناچارکردن بە چۆڵکردن یاخود ڕاگواستن بەزۆرە ملێ و شێواندنی سیمایی کۆمەڵایەتی ناوچەیەک ئەتوانرێت وەک بەشێک لە جینۆسایدی کەلتوری تەماشا بکرێت. بە زمانی ئینگلیزی و لە یاسـا نێودەوڵەتیەکان زاراوەی Denationalization ڕاگواسـتنی بۆ بەکارهاتوە (Ervin –Erickson, 2019, 28) .کفری کەسـایەتی وەک سـەلمان ئەلیاس عباسـی هەبوە کە لە ڕێگەی دەسـت ڕەنگینیەکەیەوە لەبواری گڵێنەسـازیدا توانیویەتی بەبێ هەبوونی بڕوانـامەی ئەکـادیمی ببێ بە مـامۆسـتـای پراکتیکی لە پەیمـانگـای کەلەپوری میللی لە خورماتوو. ئەم بەڕێزە کفری بەجێهێشـتوە بە هۆی گۆڕانی ئاڕاسـتەی هاتووچۆی نێوان بەغداد و شـارەکانی تری وەک کەرکوک و سلێمانی کە وایکرد کفری تاڕادەیەک پەراوێزبخرێت (عزیز، ٢٠١٣، ٣).

**ئەنجام**

هەرچە ندە ئەم توێژینەوەیە تەنها لایەنە ئازار بەخشـــە کانی لە ناوبردنی کەلتوری لەخۆ گرتوە، بەداخەوەین کە جینوسـایدی کەلتوری بۆتە هۆکاری لاوازکردنی پێزانینمان دەربارەی مێژووی ناوچەکە وایکردوە زۆرێک کەس پێیان وابێ کە مێژوومان نیە، بەڵام ئاگاداری ئەوە نین هەزاران ساڵە داگیرکەران مێژوەکەمان لەناو ئەبەن یاخود ئەیدزن.

بۆ ژیانەوەی مێژووی ناوچەکە چەندین ڕێگا هەن ئەتوانرێت بگیرێنە بەر بۆ پاراسـتن و ژیانەوەی کەلەپوری ئەم ناوچەیە: لەوانە **یەکەم:** دەسـت بکرێت بە ئەنجاندانی دۆکیومێنتکردنی هەموو شـوێنەوار و شـوێنە گرنگەکانی شارۆچکەکە. **دووەم:** دە ستکردن بە نۆژەنکردنەوەی شوێنەکان و بەکارهێنانەوەیان بۆ ئەرکی نوێ. **سێیەم:** پێویستە ئەو ناوانەی کە لە شـوێنەکان نراون بەزمانی بێگانە لەلایەن توێژەران و خەڵکی ناوچەکەوە ناوە ڕەسـەنەکانیان بەکاربهێنرێتەوە. **چوارەم:** ڕاکێشـانی سـەرنجی تیمە بیانیەکان بۆ ڕووپێوی فراوانی ناوچەکە و پاشـان ئەنجامدانی کنەوپشکنین.




وێنەی (١) منارەی مزگەوتی خانەقا، وەرگیراوە لە اسنگر و قرەداغی، ٢٠١٩، ل. ٣٦

**لیستی سەرچاوەکان**


- اسـنگر، فائق خورشـید و قرەداغی، مصـطفی آحمد، کفری تاریخ و خواطر، آحداث موثقة و خواطر نابعة من قلوب محبیها، الجزء الاول، الطبعة الاولی، اربیل، ٢٠١٩، ل. ٣٢.
- الجرف، طعیمه عبد الحمید، القانون الإداری: والمبادیء العامة فی تنظیم ونشـاط السـلطات الاداریة، دراسـة مقارنة، دار النهضه العربیة، ١٩٧٨.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، بیروت، دار العربیه للعلوم-ناشرون، ٢٠١٢.
- خان دەلۆ، حسـین اسـماعیل، ناوچەی کفری لە نێوان سـاڵانی (١٩١٤- ١٩٤٥) لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی ڕامیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ٢٠١٤، ل.١٧٤- ١٧٥.

- ریچ، کلۆدیۆس جەمس، گەشـتنامەی ریچ بۆ کوردسـتان ۱۸۲۰، و. محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەلێر، ۲۰۰۲.
- الزبيدي، محمود عبد علي، "النظام القانونی لحمایه الاعیان الاثرية والثقافية وتطبيقاته في العراق"، مجلة كلية الحقوق، جامعة المستنصرية، مج۱۰، ع(۱۵) ۲۰۱۲.
- سلیم، دلێر، پاکتاوی ڕەگەزی لە نێوان ساڵەکانی ۲۰۰۰-۲۰۰۱دا، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ۲۰۰۲،ل. ۳۱- ۳۲.
- عزیز، سهیل خورشید، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ۱۹۵۸، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، ۲۰۱۳، ل. ۱۹، ۳۵، ۱۰۵ و ۱۰۹.
- عزیز، سـهیل خورشـید، ئابووریی ناوچەی کفری لە هەڵکشـانەوە بۆ داکشـان نێوان سـاڵانی (۱۸۵۰- ۲۰۱۸)، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ۲۰۱۹، ل.۲.
- غازي فيصل مهدي، الحماية القانونية للأموال الاثرية في العراق، الحماية القانونية للأثار العربية، بيت الحكمة، بغداد، ۲۰۰۱.
- فتاح، عثمان توفیق، دەرهاویشتەی کار و چالاکییە مرۆییەکانلەسەر شوێنەوار، هەولێر بەنمونە، پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسـی زانسـتی نێودەوڵەتی شـوێنەوار و کەلەپوری هەولێر- اربیل ۸-۹ ئایار/ ۲۰۱۸ هەلێر، ئامادەکردنی زیدان رشید برادۆستی و دڵشاد عزیز زاموا، ۲۰۱۸، ل. ۱۷۵.
- گۆڤاری وەقایعی هەرێمی کوردستان، ژمارە ۲٦۸، ۲۰۲۱.
- مجلة الوقائع العراقية، العدد ۳۹۵۷، ۲۰۰۲.
- ئاغجەلەری، پشـکۆ حەمەتاهیر، شـاری کەرکوک لە نێوان سـاڵانی ۱۹۵۷- ۱۹۷۷ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ۲۰۱۵، ل. ۲۱۳.
- Achman, J. S, Introduction: Bringing Cultural Genocide intothe mainstream in, *Cultural Genocide law, Politics, and Global Manifestations*, New York, 2019.
- Bachman, S. Jeffery, A historical perspective the exclusion of Cultural Genocide from the Genocide Convention, in: Cultural Genocide, Law, Politics and Global Manifestations, Jeffrey S. Bachman (eds.) Routledge, London, 2019, p. 47.
- Banvenuto, Jeff, what is Cultural Genocide? Understanding Group Destruction in Genocide Studies, Master Thesis, Jagiellonian University, Kraków, 2010, p.6.
- Cornu, M., *Droit des biens culturels et des archives*, directeur de recherhes, CNRS ,2003.
- Ervin –Erickson, Douglas, Raphaĕl Lemkin Culture and Cultural Genocide, in: Cultural Genocide, Law, Politics and Global Manifestations, Jeffrey S. Bachman (eds.) Routledge, London, 2019, p. 27.
- Garasik, Lauren and Bachman S. Jeffery, Destroying Indigenous Cultural in the United States, in: Cultural Genocide, Law, Politics and Global Manifestations, Jeffrey S. Bachman (eds.) Routledge, London, 2019, p. 97.
- Jones, A., *Genocide: A Comprehensive Introduction*, 3rd edition London, 2017.

- Malko, Helen, Heritage Wars, a Cultural Genocide in Iraq, in: Cultural Genocide, Law, Politics and Global Manifestations, Jeffrey S. Bachman (eds.) Routledge, London, 2019, p. 210.
- Nersessian, D., *A modern perspective the current status of cultural genocide under international law* in, *Cultural Genocide law, Politics, and Global*, New York, 2019.
- Nersession, David, a Modern Perspective, the Current Status of Cultural Genocide under International Law, in: Cultural Genocide, Law, Politics and Global Manifestations, Jeffrey S. Bachman (eds.) Routledge, London, 2019, p. 64.
- Sykes, M.H, *Manual on Systems of Inventorying Immovable Cultural Property*، Unesco، Museums and Monuments، UNECO, 1984, xlx.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034